# خوای گەورە بەهۆی منەوە لە ئومەتەکەم خۆش بووە لەسەر هەڵەکردن ولە بیرکردن ولەو شتانەی کە بە زۆر پێیان کراوە

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە بەهۆی منەوە لە ئومەتەکەم خۆش بووە لەسەر هەڵەکردن ولە بیرکردن ولەو شتانەی کە بە زۆر پێیان کراوە (ناچار کراون لەسەر ئەنجامدانی)».

[صەحیحە بە هەموو ڕێگاکانی و شاهیدەکەیەوە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە]

لە ڕەحمەتی خوای گەورە بە سەر ئەم ئومەتەوە ئەوەیە کە خۆش بووە لە تاوانی هەڵەکردن -ئەو تاوانەیە کە تاوانکەر بە ئەنقسەت ئەنجامی نەداوە- وهەروەها خودا خۆش بووە لە لەبیرکردنی واجبەکان یان حەرامکراوەکان، بەڵام ئەگەر واجبەی بیربکەوێتەوە ئەوا پێویستە جێبەجێی بکات وحەرامەکەی بیربکەوێتەوە ئەوا دەستبەجێ دەبێت وازی لێبهێت، وبەهەمان شێوە ئەو قسە یان کردەوەی کە بە زۆر پێی کراوە (ناچار کراون لەسەر ئەنجامدانی)، خوای گەورە دەفەرموێت: {وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ} [الحج:78]، واتە:{ولە ئاینـدا هیچ کارێکی قورس وگرانی لەسەر دانەناون}.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4216

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee